## دار و ڕۆڕۆ

برایم فەرشی

بوون بە بێ ژینگە، نەبوونە. هەرچی ژینگە دەگرێتەوە، گرێدراوی ژیان و چارەنووسی مرۆڤە. گرێدراوی هەست و فانتیزی و بیرو وهزر و فەرهەنگ و تێگەیشتنی مرۆڤە، کە لە ئەدەبیات و هونەر و باوەڕی خەڵکدا ڕەنگی داوەتەوە. مرۆڤ لەو کاتەوە وەک کۆمەڵە کەس دەژیی، ژیانی گرێدراوی سیاسەت بووە، هەرچی گرێدراوی ئەو بووبێ، لە بازنەی سیاسەتدا مامەڵەی لەگەڵدا کراوە.

بەسەرهاتی سرووشت پڕ لە کارەساتە و کارەسات هۆی هەڵقەندن و کۆچی زیندەوەران بە مرۆڤەوە لە شوێنی سەرەکی ژیانیان بووە و گەڕیدەبوون و لە شوێنێک نەمانەوە بە درێژایی سەدان هەزار ساڵ، دەربڕی ئەوەیە کە لە ژینگە گرینگتر بۆ زیندەوەران نییە. هەر ئەمە، ژینگە بە هەر دوو باردا دەکاتە ئامانج چ بۆ ژیان و چ بۆ تێکدانی.

شەڕەکان لە سەرەتاوە هەتا ئەمڕۆ، ئەمە دەردەخەن کە وێرانکردنی ژینگە بەردەوام ئامانجی شەڕ بووە. هیچ شەڕێک لە جیهاندا ڕووی نەداوە کە ئامانجی وێرانکردنی ژینگەی نەبووبێ. دوو شەڕی جیهانی یەکەم و دووهەم بە پانتای شوێنی شەڕەکان وێرانی ژینگەی لێکەوتەوە. بۆمبارانی هیرۆشیما و ناکازاکی لە میانەی شەڕی دووهەم، بۆمبارانی کیمیایی شار و گوندەکانی هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨، شەڕی نێوان ئێران و عێراق، شەڕی باڵکان، شەڕی ئەفغانستان، شەڕی کەنداو، شەڕی داعش، شەڕی ڕژیمەکانی ئێران، تورکیا، سوریا، عێراق لە گەڵ کورد، بۆمبارانی شارەکانی سنە و سەقز و سەردەشت و پیرانشار وێرانی ژینگەی لێکەوتەوە و لە هەموو ئەو شەڕانەدا، وێرانکردنی ژینگە بەشێک لە سیاسەتی شەڕ بوو. کردنە ئامانجی ژینگە بۆ مەبەستی سیاسی- ئابووریی- تیجاریی قڕژ و چەپەڵ و نامرۆڤانەیە.

کورد لە شوێنێک نیشتەجێیە، کە کۆنترین مەسکەنی نیشتەجێبوونی مرۆڤە. ئەم مرۆڤە کۆنەی مزۆپۆتامیا (ناوچۆمان) و خەڵکانی کۆنی تری نیشتەجێ لە پانتای شاخ و کێو و دشت و پێدەشت و کەناری ڕۆبار و ناو دارستان و لێرەوارەکان بەردەوام کەوتونەتە بەر هێرشی قەومەکانی گەڕیدە. ئەو خەڵکانەی تا ئێستا ماونەتەوە و لە ناونەچوون وەک کورد و ئەرمەن و جوو ئەمڕۆش خۆیان و ژینگەیان دەکەونە بەر هێرشی گەڕیدەکانی دوێنێ کە خۆیان بە تورک و فارس و عاڕەب دەناسێنن. مێژووی هەرکام لەو گەڕیدانە گرێدراوی کوشتن و وێرانکردن بووە و گرێدراو هەیە. پەلامار بۆ سەر خاک و ژینگەی کورد و ئەرمەن و جوو ئێستاش بەردەوامە.

حکوومەتی تاران و ئانکارا و بەغدا و دمێشق سەدان گوندی کوردستانیان خاپوور کردووە و تورکیا بە بەر چاوی مێدیای جیهانەوە دار زەیتونەکانی عەفرین و دارەکانی باشووری دزیی. ئەو دارانەی ئاوا دزران، ئەو دارستانانەی لە لایەن ئێران و سێ وڵاتی ترەوە ئاوریان تێبەردرا، تەنیا دار نەبوون.

ئەم دارانە ژینگەی کوردستان و ڕواڵەت و سیما و ناسنامەی وڵاتی کوردانن. ئەم دارانە لە بەر کوردبوونیان وەک ئەو مرۆڤە کوردانەی هەڵدەواسرێن و حەوت حەوت لە ناوماڵی خۆیاندا دەکوژرێن، دەسووتێندرێن و دەبڕدرێنەوە و دەدزرێن. ئەو دارانە بە تەنیا دار و بە تەنیا ژینگە نیین.

لەم وڵاتانە و لە شەڕی مان و نەمانی کورد، دار و ژینگە دەوری سیاسی دەگێڕن. دار دەکەونە بەر ڕق و توڕەیی و بەر بێبەزەیی. دار کە لە ژینگەی کوردستان خۆیان دیتۆتەوە، وەک کورد سەیر دەکرێن. هەر دارێک لە وڵاتی ئێمە مرۆڤێکە، کە دوور لە ئیرادەی خۆی سیاسی کراوە و کێشراوەتە ناو شەڕ.

ویێتنامییەکان خۆیان داری لێرەوار و دارستانیان دەبرییەوە و لە خۆیان قایم دەکرد و خۆیان دەبوونە دار لە شەڕ لە گەڵ یانکییەکان. دارەکان لە گەڵ سەربازانی ئامریکا بۆ پارێزگاری لە شوێنی ژیانیان چووبوونە بەرەکانی شەڕ. هەر ویێتنامییەک کە دەکوژرا، دارێکیش لە گەڵی سللار دەبووە. خوێنی پارتیزان و خوێنی دارەکان جووتی یەکتر دەبوون. دارەکان سەرباز بوون، پێشمەرگە بوون. هیچ ئەمریکاییەک بەزەیی بە دارەکاندا نەدەهات، ئەوان هەر دارێکیان کە دەکوشت، مرۆڤێک لە گەڵی سللار دەبووە. ویێتنامییەکان چەندە فرمێسکیان بۆ سەربازەکانیان دەڕشت، هەرئەوەندەش فرمێسکیان بۆ دارەکان دەڕشت.

ژینگەی سەرگۆی زەوی بە دەستی مرۆڤ، هەر ساڵ و هەر وەرز و هەر ڕۆژ وێران دەکرێ. مرۆڤ دەنگی ژینگەی خۆی نابیستێ. ئەمساڵ زەوی لە کانەدا، ئوستراليا، ئامریکا، ئامریکای لاتین لە بەر تەوژمی گەرما چزەی لێهەڵستا، گڕی ناو دارستانەکان لە شوێنێک و لە وڵاتێک نەوێستا و گەیشتە تورکیا و یۆنان و ئیتالیا و سپانیا، ڕێک ئەو شوێنانەی بۆ گوزەران و سەیرانی مرۆڤ تێکدراوە و ساڵانە بە میلیۆن خەڵک ڕوویان تێدەکات بە بێ ئەوەی گوێ بدرێتە وێرانی ژینگە.

ئەوەی ئەمڕۆژانە تووشی تورکیا بووە، سووتانی دار بە تەنیا نییە، دەرخستنی ڕووی فاشیستی و مەیلی تێرنەبووی سیاسەتبازان و تاجرانی سێکس و بازاڕیان و حەراجخانەکانی جەستە و فابریکەکانی خواردنەوەی ئەلکۆلی و دەڵاڵەکانی مەحەبەتخانەکانی ئەستانبول و قەراخ دەریا و مۆڵگەکانی سەیر و سیاحەت و توریسم و مەیلی تێرنەبووی حزبی ئیسلامی حاکم و سوڵتانەکەی ئانکارا و دەڵالەکەی مەزادخانەکانی سیاسییە، کە لە جیاتی پێڕاگەیشتن بە ژینگە و خەڵکەکەی بۆ دروستکردنی کاخ و فرۆکەخانە و شوێنەکانی تر ژینگە وێران دەکات.

ئەوەی ئەمڕۆ لە تورکیا ڕوو دەدا بەرهەمی سیاسەتی قرژ و چەپەڵی حزب و وڵات و خەڵکێکە کە سەد ساڵە بە بیر و تێگەیشتنی فاشیستی گۆژ کراون. ئەوان لە فێرگە و باخچەی منداڵان و زانستگا و ماڵەکان فێر دەکرێن کە "بیر تورک دونیایە دەیەر" تورکێک یەک دونیا دەهێنێ.

بۆ خاوەنی ئەم تێگەیشتنە، وێرانی ژینگە و مرۆڤی جگە لە خۆیان، بایخی نییە. ڕۆڕۆکردن بۆ دارستانەکانی گرێدراوی سیاسەت و فاشیسم، فێڵەبازانەیە!

برایم فەڕشی

٢٠٢١/٠٨/٠٤